The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# هەڵەبجەییەکان داوا دەکەن بڕیاری داسەپاو لە لایەن دادگاوە بەسەر عەلی حەسەن مەجید لە شاری هەڵەبجە جێبەجێبکرێت

**بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق**

**بەڕێز کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**بەڕێز جەواد مالکی سەرەك وەزیرانی کۆماری عێراقی فیدراڵ**

**بەڕێز نێچیرڤانبارزانی سەرەك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**بەڕێز پەرلەمانی عێراق**

**بەڕێز عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**بەڕێز دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی**

**بەڕێز پارت و ڕێکخراوەکان لە عێراق و کوردستان**

هەروەکو لای هەموولایەکتان ڕون و ئاشکرایە , لە بەرواری 16-3-1988 , ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ گەورەترین تاوان و کارەساتی مەرگی بە کۆمەڵ بە چەکی کیمیاوی لە جیهاندا لە شارەکەمان خولقاند , وەلێ مخابن لە پرۆسەی دادگایی تاوانباران ئەم تاوانە گەورەیە هیچ گرنگییەکی پێنەدرا , کە دەبوایە ببوایەتە سەرتۆپی دادگاییەکە .
ئێستا ئێمە داواکارین لە هەموو لایەکتان پشتگیریمان بکەن , لە بەجێگەیاندنی ئەم داواکارییەمان ئەویش بریتییە لە " بڕیاری سەپاو بەسەر تاوانبار عەلی حەسەن مەجید لە شاری هەڵەبجە جێبەجێبکرێت " , دیارە بەجێگەیاندنی ئەم داواکارییەمان نە قەرەبوی زیانەکانمان بۆ دەکاتەوە و نە قوربانیەکانیشمان بۆ دەگەڕێنێتەوە , نە ئەو ناهەقییەش لە دادگا بەرامبەر بە کەیسی هەڵەبجە کراوە قەرەبوو دەکاتەوە , بەڵام ئێمە بە قەرەبوییەکی مەعنەوی گەورەی دەزانین بۆ خۆمان .

| ناو | شوێن نیشتەجێبوون | پیشە |
| --- | --- | --- |
| ___ | ____ | _____ |

بۆ پەیوەندیکردن و بەشداریکردن لەم کەمپینە :
chak_org@yahoo.com
**ناوەندی چاك**
2006-5- 30